## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ڕووەو چیا، بەرەو شۆڕش)

## کاوڕەکەی کاک ئەوڵڵا

## (١٢)

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



کاك ئەوڵڵا کوڕی کۆن بوو، لە سەدان چڵپاوی دابوو، کەچی قولەپێشی تەڕ نەببوو. کوڕی گەڕەك بوو، هەمیشە بەرگی کوردی ئەپۆشی و پشتێنێکی گەورەی ئەبەست و توند شەتەکی ئەدا، سەروگوێلاك و بەژنێکی تەواو پیاوانەی هەبوو، کوردپەروەرێکی عەیار بیست و چوار، بە کورتییەکەی کوردێکی بێ غەڵ و خەوش.

کاك ئەوڵا هەر لە سەرەتاکانی شۆڕشەوە پێشمەرگە بووە و تاك و تەرا لە هاوسەنگەرەکانی مابوون، زۆربەیان شەهید بووبوون.

کاك ئەوڵڵا بێ حەد کوژراوی خواردنی خۆش و بەتام بوو، ئەگەر ناوی هەر خواردنێکیشت ببردایە، یەکسەر پێی ئەوتی: کێ بە چاکی لێیئەنێ؟ یان کام چێشتکەر و چێشتخانەیە نەك هەر لە شاری سلێمانی، بگرە لە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت عێراقیشدا، بۆ خۆی ( ئەنسکلۆپیدیا )یەکی هەرە فراوانی جیهانی نەوس و خواردن بوو، هەر شوێنێکت ناو ببردایە، دەستبەجێ هاوچێشتخانەکەی پێی ئەگوتی. کاك ئەوڵڵا ماوەیەك بوو خواردنی گۆشتی کاوڕ لە سەری دابوو، سەر زمان و بن زمانی هەر گۆشتی کاوڕ بوو.

جاروبار کە لێرە و لەوێ بە یەکدی ئەگەیشتین، ئەیوت: خاڵە سالار کەی دووکەڵێ بکەین؟ مەبەستی لە گۆشت برژاندن بوو.

: کاك ئەوڵڵا گیان، لێرەوە دووکەڵ کردن؟! ناکرێ، گوناهە بۆن و بەرامەی بەسەر ئەو خەڵکەدا ئەڕوا، ئەوە لێرە نابێ.

دیارە ماوەیەك بەو بیانووە خلافانم.

ڕۆژێکیان لە کاتی چێشتەنگاوا بوو، پەیدا بوو، خێرا پەلیم گرت و وتم: بە خودا دڵم ناشکێنی، ئەمڕۆ پێکەوە قاوەڵتی ئەکەین.

دیار بوو برسێتی زیفی لێ سەندبوو، بەبێ چەند و چوون کردم بە چێشتخانەیەکی پێنجوین-دا، داوای تێکوشین و دەوری برنجم بۆ کرد، ئیتر زمانی لەسەر بابەتی برنج پژا و کرایەوە: لە سلێمانی ئەگەر جاروبار خۆت پیادا کردبێ، ئەوە لە خوار بازاڕی (ئەسحابە سپی)یەوە بازاڕی (حاجی محەمەدی سەڵتە) هەیە کە چوویتە ناوەوە لە گۆشەیەکا چێشتخانەی (وەستا دەروێش) هەیە، خواردن بە دەستاوە، ئەو برنجەی ئەو لێی ئەنێ، قەستە دەست و پەنجەی پێوە بخۆی. ئیتر لەگەڵ هەر پارو گلانێکا چێشتکەر و چێشتخانەیەکی بە سەر ئەکردەوە، تەنانەت ئەوانەش کە بەر لە لەدایکبوونی ئەو بوون وەك

چێشتخانەی (حاجی مستەفای چێشتکەر...) .

پاش نانخواردن چووینە چایخانەکەی ئەو بەرەو، سەروو دیژلەمەمان هەڵدا، بەر لە هەستان و بە رێککەوتنەکەمان بەرەو گەراجی جێبەکان، وتم: کاك ئەوڵڵا ئەو پرۆژەی کاوڕخواردنەتان لە کەللەی منیشی یاوە، بەڵام ئەو برژاندنە ناکرێ. یەکسەری هەڵیدایە: کاکە برا نەچووە، بچێ، خوا دایناوە کاوڕ و تێگوشین (تشریب) ئەوە من و تۆ، ئەوە جەعفەر و حەمە....

: زۆر چاکە، خوا یار بێ لەم شەوانەدا ئەیخۆین.

ڕەنگ و رووی کرایەوە: هەر ئەڵێی لە دڵی منداێ، بە گۆڕی جوانەمەرگ، ئەوە برادەرێکم راسپاردووە لە شار بچێتە لای (حاجی عارف برنووتی) و داو و دەرمانی تایبەتیم بۆ بێنێ، خۆم هەمووی وەکو گوڵ ئامادە ئەکەم، ئێی کاکە دە تۆ دوو قسەی ئاوا ماقووڵم بۆ بکە، ئینجا بزانە برای خۆت چ تێگوشینێ لێئەنێ، بە سەری خاڵە ئەو شەو ئەیکەینە گوڵمەز گوڵمەزێ سەگ ساحێبی خۆی نەناسێتەوە.

گەیشتینە (بناوە سووتە) لەبەر باسی کاوڕ و گوڵمەزەکەی کاك ئەوڵڵا، حاشا ئەگەر زانیبێتم چۆن گەیشتووینەتەوە، وا بینی بەو بۆنەیەوە گرتبوو، دەرفەتی چاوتروکانێکی نەئەدا، لە خۆشیانا هەموو لەشی پێئەکەنی و زەقێ گرتبووی، کورد واتەنی (ئەڵێی کچە جافی بۆ دابەزیوە.)

بەر لە جیابوونەوە دەستم کرد بە باخەڵما: کاکە ئەوڵڵا من چەندم بەرئەکەوێ بێنمە خزمەتت؟

: ناچاری تۆ پەلەت نەبێ، با لەو برادەرانەش وەربگرم.

جارێکی تریش کەوتەوە سەر باسی کاوڕ و چەند گۆشتت بۆ تەندروستی پێویستە: کاکە تووشی شەوکوێری ئەبیت، خوانەخواستە شەوانە ئەبێ وەك (حافز قورئان) دەستمان بگرن.

دوو رۆژی نەبرد، کاك ئەوڵڵام پێگەیشت، لە خۆشیانا ئازای ئەندامی لەشی پێئەکەنی.

: خێرە وا دڵخۆشی؟ دیارە مژدە و مزگێنیت پێیە؟

:بە سەری تۆ لەو لا (هەرگینە)ـەوە، کاوڕێکم کڕیوە، حەوت کوڕ ئەهێنێ، ئەوە تۆزێکی تر سەری ئەبڕم، خوا یار بێ ئەمشەو لوولی ئەدەین. تو سەری خۆت سەری سەعات سێ وەرە، برادەرانیش لەوێ ئەبن، هەموو شتێ ئامادەیە.

: ئەی ئەو شتەی بن هەنگڵت چییە؟

: برام ئەوە چووم، کولێرەی ئەسمەرم پەیا کردووە، ئەوە هەر خوا دایناوە بۆ تێگوشین، بە پرتا و رابورد و بەڵام گیرفانەکانی ئەهاتن و ئەچوون و خڕەیان لێئەهات، پاشان زانیم ئەوە لیمۆی بەسرە بووە کڕیویەتی.

لەکاتی خۆیدا بە تەنیا چوومە هۆدە و هەیوانە پەرپوتەکەی کاك ئەوڵلا، نەموێرا کەس لەگەڵ خۆم بەرم، چونکە هەزار سوێند و قورئانی دابووم نە بە کەس بڵێم و نە کەس لەگەڵ خۆما بەرم.

کاتێکم زانی کاك ئەوڵڵام لێ بووە قەسابباشی مەملەکەت لە چاو تروکانێکا سەری بڕی و کەوتە فووتێکردنی بۆ ئەوەی کەوڵی بکات، هەر ئەتگوت بە سەلاقی لەدایکبووە، گوپەکانی ئەتگوت مووشەدەمەی بەر کوورەی ئاسنگەرن، سوور سوور ببوونەوە، ئەوەندەی تر زەقببوون، تەواو دەرپۆقیبوون، ئەوسا کاوڕە سپیکراوەکەی بە گورگەی هەیوانەکەدا هەڵواسی و کەوتە پارچەپارچەکردنی، لەگەڵ هەر پارچەیەکا پێناسەیەکی ئەکرد و ئەیگوت بۆ چ خۆراکێ خۆشە، نازانم لە کوێ ئەو تەشت و سینی و پڵاوپاڵێو و مەنجەڵە مسە گەورەیەی پەیدا کردبوو کە جێگای ربەیە برنجی تیادا ئەبوویەوە.

چ دووگ و چەوری هەبوو، نایە مەنجەڵەوە، ئەوسا پارچە پارچە بە دڵ و گیان گۆشتەکەی تیادا داچاند، سێپایەیەکی بە سێ بەردی گەورە دروستکرد و داری لە بن نا و وتی: ئەو دار بەڕووانە تەڕن و بە کەڵك نایەن، ئەمە لەو خانووە دارووخاوەم هێنابوو، بۆ ئەم بەزمە، خوا لێمان تێکنەدات توورەکەی داو و دەرمانی هێنا و جوان جوان پێوەی کرد، لەگەڵ دوو مشت لیمۆی بەسرە و شیرازی، ئاگری جۆش و تاوی سەند.

: کاك ئەوڵڵا ئاوی تێناکەی؟

: حەیفت نەکرد، هەر بە ئاوی ششتنەوەی خۆی بەتام بێت. ئیتر فەرمووی ژوورەوەی لێکردین و لە خۆشیانا دوو سێ چەقەنەی لێدا، هەر یەکیان هێندەی بڕنەوێکی سەرتۆپ زرمەی لێوە ئەهات. دیار بوو بیرۆکەی نوێ بە کەللەیا گوزەری ئەکرد: ئەرێ کوڕینە ئەڵێن چی، ئەگەر قبوولێیەکی تەڕ و پڕی لەگەڵ لێنێین، ئەو توورەکەیەی هەڵمواسیوە کەمێك برنجی بانی خێڵانە بۆم هاتووە و لەتکە نۆکی عەجەمی تێکراوە، قبوولێیەکی دەنك دانەر دانەری لێ دەرئەچێ؟

: بابە ئەو هەموو گۆشتە هەیە ئەوەیان زیادە.

کاك ئەوڵڵا لە سەر دەستووری عەشایەری هەرچەندە بە تەمەن لە هەر چوارمان گەورەتر بوو، بەڵام لە خوار هەموومانەوە دانیشتبوو.

دانیشتنەکە بەزم و رەزم و قسەی خۆش و جاروبارە بە مقام و بەستە کۆنەکانی شار، لەپڕا کاك ئەوڵڵا ئەچووە هەیوانەکە و سەردانی خواردنەکەی ئەکرد و کۆڕی گەرم ئەکردەوە، کاتمان درەنگ کرد و بۆن و بەرامەی کاوڕ، کۆڵانەکە و گشت ئاواییەکەی پڕ کردبوو.

: ئەرێ کوڕینە کاتی خۆیەتی بە خوا ئەزانم تەواو برسیتان بووە، نەچم خواردنەکە تێکەم؟

: ئەی بۆ نا؟ هەتا کەی رەحمەت لە بابت.

کاك ئەوڵڵا هەستا و دەرگاکەی کردەوە هەر ئەوەندە و پەلاماری تفەنگە کلاشینکۆفەکەی دا و دەرپەڕییە بەر هەیوانەکە و ریزێکی کرد و نەڕەنەڕی شەوەکەی هەژاند، سەیری یەکترمان کرد و هەریەکەو چەکەکەی بە دەستەوە گرت و رامانکردە دەرێ.

: کاك ئەوڵڵا چی بووە؟

: چۆن چی بووە؟ لەمە پەند زیاتر؟ لەمە خراپتر... کاوڕەکەیان بە مەنجەڵەکەوە بردووە. وەڵڵا لەسەر هەر کوتە گۆشتێك پیاوێك ئەکوژم.

چەندمان کرد و چەندمان کۆشا، سارد نەئەبوویەوە، خوێن گرتبووی، ئەمان خوێن..

: چی بکەین؟ چارە نییە... بەهەر حاڵ خۆ کولێرەکانیشیان نەبردووە؟

: کاشکای خۆشمیان ببردایە، مامۆستا نافەرمووی کولێرەکانیشیان بۆ بەرم، وەرە مێشکت نەتەقێ، ناچار بیت لە کاوڕ خواردنەوە بێیتە سەر کولێرە رەقە کرماندن!

: ئەگەر بچێتە قوولەی قافیش لە دەستم دەرباز نابێ، چۆن لە ئەو کاوڕەیان کردین.. کاك ئەوڵڵا هەر بە هیوایەوە سەرینایەوە و دزەکەی نەبینیەوە.


**کاك ئەوڵڵا هەستا و دەرگاکەی کردەوە هەر ئەوەندە و پەلاماری تفەنگە کلاشینکۆفەکەی دا و دەرپەڕییە بەر هەیوانەکە و ریزێکی کرد و نەڕەنەڕی شەوەکەی هەژاند، سەیری یەکترمان کرد و هەریەکەو چەکەکەی بە دەستەوە گرت و رامانکردە دەرێ**

# جنیڤەر لۆپێز ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات

لەو کاتەی کە کەس پێشبینی نەدەکرد گۆرانییە نوێیەکەی جنیڤەر لۆپێز «Back It Up» سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، بەڵام دوور لە پێشبینییەکان گۆرانییەکە جگە لە سەرکەوتن، لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی لە ماڵپەڕی یوتیۆب ژمارەیەکی پێوانەییشی تۆمار کرد.

ئەم گۆرانییە هاوبەشەی جنیڤەر و بیتبول و برینس رویال، تەنیا دوای یەك هەفتە لە پەخشکردنی، زیاتر لە ١١ ملیۆن کەس سەیریان کردووە. هەر لەم بارەیەوە هەواداران و عاشقانی جنیڤەر دووپاتیان کردەوە کە ئەم گۆرانییە دەبێتە یەکێك لە باشترین گۆرانییەکانی ساڵی ٢٠١٥ و پێشبینی دەکەن بەربەستی١٠٠ ملیۆن بینەر تێپەڕێنێت.

جنیڤەر لۆپێزی تەمەن ٤٥ ساڵ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بە ئەنجامدانی سەمایەکی زۆر جوان لە کلیپەکەدا دەردەکەوێت، بەمەش دووبارە بۆ هەوداران و رکابەرانیشی سەلماندی کە ئێستاش یەکێك لە باشترین و سەرکەوتووترین ئەستێرەکانی وررووژاندنە لە گۆرانی و فیلمە نوێیەکانیدا، هەرچەندە زۆر لە گۆرانیبێژان و ئەکتەرانی دیکە هەوڵی زۆریانداوە رکابەرایەتی بکەن، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە بەسەریدا زاڵ بن، ئەم گۆرانییەش و دوایین فیلمی باشترین بەڵگەیە لەسەر توانای جنیڤەر.




# ئارنۆڵد بە شێوازێکی دیکە دەگەڕێتەوە

ترميناتۆر يەكێك بوو لەو فيلمانەی کە بووە هۆی درەوشانەوەی (ئارنۆڵد شـــوارزنيگەر)ی ئەســـتێرەی جيهانی سينەما. بەشی يەکەمی فيلمەکە بەر لە نزيکەی سی ساڵ پێشکەش کرا، دواتر بەشـــی دووەميشی هات، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی ئارنۆڵد بە چەنـــد کارێکی ديکەی ســـينەماييەوە و دواتر رووکردنە بواری سياسەت و بوونی بە حاکمی ويلايەتی کاليفۆرنيا، ئەو دەرفەتەی نەبوو کە بەشێکی ديکەی ئەو زنجيرە فيلمە پێشکەش بکات.

دوای چەندين ساڵ ئێستا بەشێکی ديکەی فيلمەکەی ئامادەيە و نمايشـــکراوە و ئارنۆڵد هەوڵێکی زۆر دەدات کە سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەســـت بهێنێت، بۆ ئەم مەبەســـتەش سەردانی چەند وڵاتێکـــی کردووە بۆ ئەوەی پروپاگەندەی بۆ بکات. لەو ميانەدا هەفتەی رابردوو بەشـــداريی کرد لە هەفتەی پايســـکل کە لە پاريســـی پايتەختی فەرەنســـا ئەنجامدرا و لە شـــەقامەکانی دەبينرا.

لەم بارەيەوە ماڵپەڕی (لاباريزيان)ی فەرەنسی رايگەياند: ئارنۆڵد زۆر حەز لە لێخوڕينی پايسکل دەکات، بۆيە هەر کاتێك لە ئەورووپا بێت، ئـــەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و زۆرترين کاتەکانی بە پايسکل بەسەر دەبات، بەتايبەتـــی کاتێك لە فەرەنســـا دەبێت، هەفتـــەی رابردووش بە ياوەريی خۆشەويستەکەی دوای جيابوونـــەوەی لەگـــەڵ ماريا شـــريڤەری هاوسەری پێشووی کە ماوەی ٢٥ ساڵ پێکەوەژيان، لەکاتـــی لێخوڕينی پايســـکل بينرا.





# کاترينا و جاکی شان لە يەک فيلمدا بەشداری دەکەن

خانمە ئەکتەری هيندی کاترينا کيف رايگەياند کە هەســـت دەکات لەســـەر ئاســـتی بۆليـــۆد ســـەرکەوتنی زۆری بەدەســـتهێناوە و خاوەن جەماوەرێکـــی زۆرە و هەوڵ دەدات سەرکەوتنەکانی تەنيا لە بۆليۆد نەبێت، بۆيە بە نيازە لە فيلمێکی جيهانيدا بەشداری بکات.

بەپێـــی راپۆرتێکی رۆژنامـــەی (Mumbai Mirror)ی بەريتانـــی کاترينـــای خـــاوەن رەگەزنامـــەی بەريتانيا رەزامەنـــدی دەربڕيوە بۆ بەشـــداريکردن لـــە فيلمێکی هينـــدی - چينی هاوبەش بە ناوی (Kung Fu Yoga) شان بەشانی ئەســـتێرەی ســـينەمايی جيهانی جاکی شان.

بڕيار وايـــە بەم نزيکانە دەســـت بـــە وێنەگرتنی فيلمەکە بکرێت و تێيدا کاترينا رۆڵی مامۆستايەکی هينـــدی دەبينێت و جاکی شـــانيش رۆڵی زانايەکی شوێنەواری چينی دەبينێت، کاترينا يارمەتيی دەدات بۆ دۆزينەوەی چەند گەنجينەيەك کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوايی پادشا بيمبيسارا (٥٤٤-٤٩٢ پێش زايين).

چەنـــد ســـەرچاوەيەکی ديکـــەش رايانگەياندبوو کە جگـــە لە کاترينا، عامـــر خان -يش لـــە تيمی فيلمەکە بەشدار بێت، بەڵام عامر خان رايگەياند کە ســـەرقاڵی وێنەگرتنـــی فيلمێکی ديکەيە، بۆيە ناتوانێت لەم کارەدا بەشدار بێت. شايەنی باسە ئەم فيلمە لە ئەنجامی ياداشـــتنامەيەکی لێکتێگەيشتنی نێوان چين و هيندســـتانە کە لە ساڵی ٢٠١٤ مۆر کراوە.



## لیمۆ هەورامی:

# سەرەڕای ئاستەنگەکان بڕیارم داوە لە گۆرانیوتن بەردەوام بم

**• زۆر جار لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین کە هونەری هەورامانی شێوێندراوە، لەوبارەیە رات چییە؟**

- سەرەتا حەز دەکەم پێتان بڵێم کە هونەر پێویستە لە شوێنی راستەقینەی خۆیدا بێت، بۆ ئەوەی هونەر لەسەر فەرهەنگ و کەلتوور و شێوازی خۆی بمێنێتەوە. بۆیە دەبینین هەر ناوچەیەك تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، بە هەمان شێوە لە ناوچەی هەورامانیش هونەری گۆرانیوتن تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە هەمان کاتدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەرەکی، بەڵام زۆر کەس هەن کە هۆکاری تێکدانی هونەری هەورامانن، یەکێك لە هۆکارەکان بریتییە لە موزیك، چونکە زۆربەی گۆرانییە هەورامییەکان لەسەر بەیات دەوترێن و زۆر بە کەمی شێوازەکەی دەگۆڕن، بەڵام ئێستا هاتوون شێوازی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ دەکەن و من بۆخۆم ئەم کارەم کردووە و پێویستە سەرەتا رەخنە لە خۆم بگرم، چونکە حەز دەکەم کە گۆرانییەك دەڵێم تەواوی تێکستەکەی هەورامی بێت، نەك تێکەڵ بێت.

**• چەند بەرهەمت هەیە؟**

- تا ئێستا خاوەنی هەشت کلیپم و هەوڵ دەدەم هەموو گۆرانییەکانم کۆ بکەمەوە، بۆ ئەوەی وەك سیدییەك بڵاوی بکەمەوە، هەرچەندە من خۆیشم تا رادەیەك لە هەموو گۆرانییەکانم رازی نیم، چونکە چەندین ساڵە لە دوورەوڵات دەژیم و کەسێکیش نەبووە یارمەتیم بدات، بۆیە هەر ئەوەندە دەکرا.

**• هەست ناکەی زۆر دواکەوتی لە کاروانی هونەریدا؟**

- بەڵێ زۆر زۆریش دواکەوتم، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك نەمتوانی لە تەمەنێکی گونجاودا دەست بەکاری هونەری بکەم، ئاستەنگەکانی ژیان و گرفتێکی تایبەت کە رووبەڕووم بویەوە، پەکی خستم لە هەموو بوارەکانی ژیان و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانم هەبوو، هەروەها رێگر بوون لەوەی لە تەمەنێکی زوودا دەست بە گۆرانیوتن بکەم، جگە لەوەش من لە کەنەدا دەژیم و هیچ کەسێك نەبوو یارمەتیم بدات، نە موزیسیانی کوردی بەتوانا، نە گرووپی موزیکی لێ نییە کە پرۆفیشناڵ بێت، بۆیە ناچار بووم، بۆ گۆرانی تۆمارکردن بچمە ئەوروپا، ئەمەش خەرجییەکی زۆری پێویستە، هەروەها کە لە کوردستان کلیپم تۆمار کرد، نزیکەی دە مانگی بەسەرچوو، ئینجا پێیان وتووم کە کلیپەکان تێکچوون و پێویستە دووبارە تۆماریان بکەینەوە. بە گشتی ١٧-١٨ هەزار دۆلارم لە پێنج کلیپ خەرج کردووە، کەچی تا ئێستا سێ لەو کلیپانە چارەنووسیان دیار نییە.

**• لە چ تەمەنێکدا دەستت بە گۆرانیوتن کرد؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی و موزیك بوو، بەڵام زۆرم ئاوارەیی بینیوە، سەرەتا هاتمە باشووری کوردستان، دواتر ناچار رووم لە تورکیا کرد، ئینجا لە کەنەدا گیرسامەوە، لێرەش لە رووی هونەرییەوە ژیانم زۆر سەخت بوو، چونکە زمانم بە تەواوی نەدەزانی، موزیسیان و هونەرمەندی کوردی لێ نەبوو، بەم شێوەیە دەرکەوتنم دواکەوت و لە نکاوڕا هەستم کرد خەریکە پیر دەبم و بەجێ دەمێنم، بۆیە ناچار بڕیارم دا کە دەبێ گۆرانی بڵێم و تا چوار گۆرانیم وت، تووشی دەیان ئاستەنگ و گرفت بوومەتەوە.

**• ئەی لە ئامێرە موزیکییەکان چ شارەزاییەکت هەیە؟**

- نەخێر، بەو شێوەیە نییە کە شایەنی باسکردن بێت، لە نۆتەدا تا رادەیەك باشم و بە وتەی ئەو موزیسیانانەی کارم لەگەڵدا کردوون، کەسیان نەبینیوە لە تەمەنی مندا ئاوا زوو فێرە نۆتەی موزیك بێت.

*** سروود و گۆرانییەکانی هەورامی لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان چ جیاوازییەکیان هەیە؟**

-زۆربەی سروودەکان حزبە سیاسییەکان دایانناوە و بە دیدگای خۆیانەوە کارەکەیان کردووە و بە ئاشکرا رەنگی داوەتەوە، ئەگینا لە مەسەلەی زمان و هونەردا هیچ جیاوازییەکیان نییە. من خۆم کە هەورامیم بە سۆرانیش گۆرانیم وتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەتی گۆرانیبێژی هەورامی کەمە، بۆیە هەورامییەکان داوام لێدەکەن تەنیا بە هەورامی گۆرانی بڵێم، هەروەها هەست دەکەم قورگی من زیاتر بۆ گۆرانیی هەورامی باشترە لە سۆرانی.

*** بۆچی کچانی هەورامی ژمارەیان زۆر کەمە لە بواری هونەریدا؟**

- ئەوەی راستی بێت، زۆر کچی دەنگخۆش لە هەوراماندا هەن، بەڵام بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و کەمیی ناوەندی ئەکادیمیا لە دەڤەرەکە وایکردووە، کچ لە دەڤەری هەورامان کەمتر



**ئەگەرچی دەرکەوتنی وەکو پێویست نییە، بەڵام لیمۆ هەورامی یەکێکە لەو خاتوونە گۆرانیبێژەکانی ناوچەی هەورامان و توانیویەتی بەسەر کۆسپەکانی بەردەمیدا زاڵ بێت. ئێستا لە وڵاتی کەنەدا نیشتەجێیە و ماوەی چەند ساڵێکە دەستی بەکاری گۆرانیوتن کردووە. تا ئێستا خاوەنی ژمارەیەك گۆرانییە و هەشت کلیپیشی بڵاوکردۆتەوە. ئەگەرچی وەك خۆی دەڵێ سەختیی ژیان و دابونەریت و چەند هۆکارێکی دیکە وایان لێکردووە درەنگ بێتە نێو بوارەکەوە، بەڵام خۆشەویستیی بۆ هونەر بێ سنوورە، بۆیە بەردەوام دەبێت. لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی لیمۆ هەورامی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

دەربکەوێت، بەڵام خۆشبەختانە ناوبەناو هەنگاو و هەوڵ هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هونەرییە لە دەنگی ژناندا، من لێرەوە داوا لەو کچە هەورامییانە دەکەم کە دەنگیان خۆشە، با بێنە نێو بواری هونەری و هەمیشە خۆیان بە دابونەریتەوە نەبەستنەوە.

*** سەرەڕای دواکەوتنت لە کاری هونەری، پێتوایە بتوانی جێپەنجەی خۆت لەنێو هونەری کوردیدا بکەیتەوە؟**

- من لە ماوەی دوو ساڵدا هەشت گۆرانیم وتووە و بە کلیپ تۆمارم کردووە، ئەمە بۆ هەر هونەرمەندێکی دیکە کارێکی ئاسان نییە. بەردەوامیش دەبم و دەستی لێ هەڵناگرم. تاکە گرفت ئەگەر بێتە سەر ڕێگام و ببێتە ئاستەنگ لە بەردەمم، تەنیا نەبوونی پارەیە بۆ بەردەوامبوون، چونکە من ئاواتم زۆرە و یەکێك لەو ئاواتانە ئەوەیە کە بێمەوە لە کوردستان بژیم بۆ ئەوەی نزیك بم لە وڵاتەکەم و لە هونەرمەندان. هەروەها تەنیا لە تۆمارکردنی چەند خولەکێکی گۆرانی پێویستی بە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ دۆلار هەیە، زۆر حەزم کردووە گۆرانی (سیاچەمانە) لە کەنەدا بڵێم، بەڵام کەسێك نەبووە تەنانەت وێنەشم بۆ بگرێت، ئەمانەش هەموویان بەربەستن لەسەر ڕێگام، بۆیە هیوادارم ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ بە یەکجاری بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، وەکو هونەرمەندانی دیکە هاوکاری بکرێم بۆ ئەوەی درێژە بە کاری هونەری خۆم بدەم.